# فایلداره ئاشكراكان

## ئەمجەد شاكەلی

ڕۆژانی 7–8 مانگی یەكەمی ساڵی 2007 یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستان، خڕبوونەوەیەكی بە نێوی "پلینیۆم" بە سەرۆكایەتیی جەلال تاڵەبانی، سكرتێری گشتیی یەكیەتیی، لە سلێمانی ساز كرد. ئەو خڕبوونەوەیە بۆ هەر مەبەستێک ساز كرابێت، كارێكی كە ئەنجامی دا، بە فەرمی و بە ئاشكرا لابردنی تۆمەتی سیخوڕیی لەسەر و لێخۆشبوون بوو لە چەند ئەندامیكی سەركردەیەتیی یەكیەتیی، كە بە فایلدار ناسرابوون. ئەو كەسانە: سەعدی پیرە، شاڵاوی عەلی عەسكەری، مستەفا چاوڕەش و ئاسۆ ئەڵمانی بوون. ئەوەی لەو خڕبوونەوەیەدا ئەنجام درا بێجگە لە گاڵتەجاڕی و خۆڵكردنە نێو چاوی خەڵک زیاتر شتێكی دیكە نەبوو، چونكە:

1. ئەو فایلدارانە، كە بە حیساب لەو جڤینەدا لە تاوانەكانیان خۆش بوون، تەواوی ئەو ماوەیەی كە تۆمەتەكەیشیان لە سەر بوو، هەرگیز لە دەرێی یەكیەتیی نیشتمانیی نەبوونە و بەردەوامیش كارە حیزبی و كارگێرییە فەرمی و سیاسییەكانی خۆیان وەک ئەندامگەلێكی یەكیەتیی هەڵسووڕاندووە. هەر بۆ نموونە، سەعدی پیرە، كە بەرپرسی مەڵبەندی هەولێری یەكیەتییە، پێشتریش هەروا بووە و مستەفا چاوڕەش، كە سەركردەیەكی لەشكریی یەكیەتییە، پێشتریش هەروا بووە و شاڵاوی عەلی عەسكەرییش، بەرپرسی پاساوەنانی كارگەكەی تاسلووجەیە، كە پاسەوانەكانی چەندین كارگەریان دایە بەر گوللە، كەواتە بە نەبەخشراوی و بە بەخشراوی، ئەوانە بەشێک بوونە لە دەسگەكانی یەكیەتیی نیشتمانیی و لێی جوێ نەبوونەتەوە و كاری خۆیانیش بە تەواوی هەر كردووە.

2. فایلدارانی نێو یەكیەتیی نیشتمانیی، تەنێ ئەو چوار كەسە نەبوونە و نین، بەڵكە دەیان و سەدانی وەک ئەوانە و لەوانە زەلامتر لە نێو ئەو حیزبەدا هەبوونە و هەن. ڕەنگە ئەو چوار كەسە لە بێبەختی و چارەڕەشیی خۆیان، وەک بەختیاران و زوووەخۆكەوتووانی دیكە، فریا نەكەوتبن لە كاتی فڕكان فڕكانەكەدا فایلەكانیان وەشێرن تا بەو ئەنجامە نەگات. یەكیەتیی نیشتمانیی، بۆ ئاشكرانەكردن و داپۆشین و لە ڕاستیشدا بۆ بەخشینی فایل و فایلدارانی دیكەی نێو سەركردەیەتیی حیزبەكەیان، ئەو شانۆیییەیان ئەنجام دا و بە دەركردنی بڕیاری بەخشین لەو فایلدارانە، سەرانی یەكیەتیی نیشتمانیی كارێكی وایان كرد، كە ئیدی باسوخواسی فایل و فایلداریی، ئەگەر جاروبار لە خەڵكانێكی لاسار و بڕێک چەمووشی نێو حیزبەكەیانەوە هاتبێتە گۆڕێ، بە تەواوی داخرێت و بپێچرێتەوە و خەڵكانی لەو جۆرەیش دەمكوتكرێن.

3. جەلال تاڵەبانی، كە بۆ لە سێدارەدانی سەرانی ڕێژیمی بەعسی عیراق، قایل نەدەبوو بڕیارەكە مۆر بكات و بیانوویشی بۆ ئەوە هەمیشە ئەوە بوو، كە ئەو پیاوێكی قانوونییە، لەبەر ئەوە وەها كارێک ناكات. هەر لەو قانوونەی، كە جەلال تاڵەبانی پێش پتر لە پەنجا و چەند ساڵ خوێندوویەتی و لە هەموو قانوونێكی ئەم جیهانەدا باسی ئەوە دەكرێت، كە شتێک هەیە پێی دەگوترێ"مافی گشتی" یا "مافی خەڵک" یا "مافی كۆمەل". بە گوێرەی ئەوە، هەموو تاوانێک لە جۆری سیخوڕی بۆ بێگانە و خزمەتكردن بە دوژمن، دەكەونە چوارچێوەی ناپاكی و خیانەتەوە، لە وڵات و گەل و نەتەوە و خاک و خەڵک و كۆمەڵ. ئەو تاوانەی ئەو فایلدارانە ئەنجامیان داوە، تاوانێكە ڕێک دەكەوێتە ئەو چوارچێوەیەوە و تاوانێک نییە تەنیا بەرانبەر

یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کرابێت. ئەوانە کە سیخوڕییان کردووە، بۆ لایەنێک و دەسەڵاتێکیان کردووە، کە حوکوومەتی عیراق بووە و حوکوومەتی عیراقیش تەنیا دژ بە یەکیەتیی نیشتمانیی نەبووە، بەڵکە بێجگە لەوانەی لە خزمەتیدا بوونە وەک جاشە کوردەکان و سیخوڕان و خەڵکانی خۆفرۆش، ئیدی دژی تەواوی خەڵکانی نابەعسی کوردستان و چەپ و شیعەی عیراق بووە. بۆیە نە یەکیەتیی نیشتمانی و نە جەلال تاڵەبانی و نە هیچ سەرکردیەکی دیکە، مافی ئەوەیان نەبووە و نییە، بڕیاری لێخۆشبوون بۆ ئەو فایلدارانە دەرکەن، بەڵکە ئەوانە و تەواوی فایلدارانی ئاشکرابوو و نائاشکرای نێو سەرکردەیەتیی یەکیەتیی و نێو سەرکردەیەتیی و بنکردەیەتیی هەموو حیزبەکانی دیکە و نێو هەموو سەرکردەیەتیی سیاسیی و دەسەڵاتدارانی کوردستان، کە ملقەوی ملقەوی و کەتە کەتە و تێر و تەسەل لە کوردستان و ناکوردستاندا تەراتێن دەکەن، دەبوو و دەبێ بخرێنە بەردەم گەل و لە دادگایەکی گەلێردا و گەل بڕیاری بەخشین یا نەبەخشین و سزادانیان بدات.

ئەو مافی خەڵک و کۆمەڵ و خاک و نەتەوە و وڵات و گەل و مافە گشتییە، نەک هەر ئێستا و ئەمڕۆ و ئەو فایلدارانە، بەڵکە حەقوایە هێزی گەڕانەدواوە و ئاوڕدانەوە لە ڕابوردوو و خوێندنەوەی هەرچی تاوانباران و ئەو جۆرە تاوانانەی چەندین ساڵەی پێشوویشی هەبێت، بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێت جیاوازیی لە نێوان تاوانبار و بێتاوان و ناپاک و پاک و سیخوڕ و شۆڕشگێڕ و جاش و پێشمەرگەدا بکات و مەرزی نێوان ئەوانە کاڵ نەبێتەوە یا وەک ئێستا هەر بە تەواوی نەسڕێتەوە. ئەوانەی بەخشران فایلدارە ئاشکراکان بوون و دووری و جیاوازیی نێوان فایلداری ئاشکرا و فایلداری نائاشکرای تەنانەت نێو هۆڵی خڕبوونەوەکەیش، ڕەنگە هەر تەنیا چەند میترێک بووبێت یا دیوان و سەکۆی گوتاردان و بەڕێوەبردنی خڕبوونەوەکە بووبێت[1]! خەڵک مافی خۆیەتی بپرسێت: ئاخۆ چەندین فایلداری دیکەی نائاشکرا لە نێو سەرکردەیەتیی سیاسی کوردستان و سەرکردەیەتیی حیزبەکانی کوردستاندا هەن و بۆ ئاشکرا ناکرێن کەی ئاشکرا دەبن؟ خەڵکی کورد دەبوو و دەبێ ئەو پرسیارانەی هەموو ڕۆژ کردبا و بکا، تا ڕادەی هەراسان و کەرکردنی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی.

2007–1–27

---

[1] مامۆستاعەلائەددین سەججادی لە لاپەڕە 187-188ی بەرگی یەکەمی، (ڕشتەی مراواری)یەکەیدا دەنووسێت:"جارێک (مفتی زەهاوی) لە بەغدا لای والی دادەنیشێ و لە تەنیشتیەوە ئەبێ و سەرینێک لە بەینیانا ئەبێ. لەو وەختەدا یەکێک لە کوردە فەیلییەکان ئەبەنە لای والی و والی زۆر تووڕە ئەبێ و ئەڵێ: بریا ئەمزانی بەینی کورد و کەر چەندە؟ خێرا(مفتی زەهاوی هەڵئەداتێ ئەڵێ: تەنها سەرینێکە! والی کە لا ئەکاتەوە زۆر شەرمەزار ئەبێ و داوای لێبوردنی لێ ئەکا".

پیاوێکی خەڵکی عەرەبستانی سعوودی و یەکێکی مسری لە شوێنێکدا تووشی یەکتر دەبن. سعوودییەکە لە مسرییەکە دەپرسێت: بۆ ناشتا(نانی بەیانی) ئێوە چ دەخۆن؟ مسرییەکە دەڵێ: پاقلە. سعوودییەکە دەڵێ: ئەی بۆ فراڤین(نانی نیوەڕۆ) چ دەخۆن؟ مسرییەکە دەڵێ: پاقلە. سعوودییەکە دەڵێ: باشە ئەوە بەیانی پاقلە دەخۆن و نیوەڕۆ پاقلە دەخۆن، ئەدی بۆ شیو(نانی ئێوارە) چ دەخۆن؟ مسرییەکە هەمدیس دەڵێ: پاقلە. سعودییەکە دەڵێ: باشە ئێوە چی لە ئاژەڵتان جودا دەکاتەوە؟ مسرییەکە دەڵێ: زەریای سوور.